# ڕۆژنامەی "کوردستان" لەباکۆ

ئەیوب یەیوب زادە

بۆ دۆزی کورد، لەدوای کۆماری کوردستان وردبونەوە لەبیری سیاسی توێژی خویندوار و هەلبژاردەی سیاسی کورد، گرییگنگیەکی تایبەتی هەیە.

بەهەرەسی کۆماری کوردستان تەنیا دەرفەتی پیکەوەنانی کیانێکی سەربەخۆی کوردی لەکیس نەچوو، بەلکوو هاوکات لەگەل ئەوەش کەلێنێکی گەورەی فیکریی و سیاسییش لەنێو بازنەی بیری سیاسی ڕوناکبیرانی کورد سەریی هەڵدا. پرسی خۆ ڕێکخستنەوە و چەشنی دەس نیشان کردنی بیری سیاسی و جۆری ڕوانین بۆ دۆزی کورد، سنورەکانی ئەم بۆشاییەی دەخستەڕوو. لەو کات و ساتانەدا نوخبە و چالاکوانی سیاسیی کورد دەبوایە لە نێوان دوو جۆر ئامانج یا ستراتێژی سیاسی، یەکیان هەلبژێریێ.

یەکەم: ئامانج بیری سیاسی ژێکاف و پێشەوا بوو. بەدەوڵەت گەیاندنی نەتەوەی کورد و چێ کردنیماڵێکی سیاسی بۆ کورد بەردی بناغەی ئەو ئامانجە واتە دۆزی رزگاری کورد لە کویلەتی و داگیر کراویی نیشتمانەکەی بوو.

سروشتی دۆزی کورد، رزگاریی لە کۆیلەتییە نە خەباتی دژی ئیمپریالیستی و گرفتی هێنانەسەر کاری ڕژیمێکی دیموکراتی لەتاران. ژێکاف ئەو وەهمەی لانەبوو تەلقینی مرۆفی کورد بۆ ئەوە دابدا کە کورد دەزگای دەولەتی ناوەندیی لە تاران

دێمۆکراتیزە بکات. لەبیری ژێکاف و پیشەوا دا، دۆزی کورد بریتیی بوو لە سەروەریی نەتەوەیی و کۆتایی هێنان بە دابەشکراوەیی کوردستان. ئەم ڕێبازە لە ڕەوتی بەرەو پێش چوونی خۆیدا، بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان گەیشت.

دووهەم: ستراتێژیی حیزبی سەرانسەریی بوو کە لەو کاتەدا لە لایەن حیزبی تودەی ئێرانەوە نوێنەرایەتی دەکرا.

بەگوێرەی ئەو خەتە، خەباتی کورد دەبوو بکرێتە بەشێکی جیانەکراوە لە خەباتی دژی ئیمپریالیستی گەلانی ئێران و هێنانەسەر کاری حکومەتێکی دێمۆکراتیک لەتاران. لەم خوێندنەوەیەدا دۆزی کورد لەباشترین حاڵەتی خۆیدا لەسنووری ئۆتۆنۆمییەکی کولتوری و ئیداری واوەتر نەدەچوو. هەر بەم جۆرەش دروشمەسیاسی یەکانیشی نەدەبوو هەڵگری مەترسیەک بۆ تەواویەتی ئەرزیی ئێران بێ. لەم دەزگا فیکریەدا سیما و ڕوخساری کۆلۆنی بوونی کوردستان دەدرێتە دواوە و کورد دەکرێتە کەمە نەتەوەیەک و مزگینی ئەوەی پێدەدرێ بەگۆڕینی جۆریی ڕێژیم لەتاران(هەڵبەت بەداننان بە شەرعییەتی داگیر کەران لەکوردستان) کۆتایی بە ژان و ئازارەکانی دێ.

دوای کۆماری کوردستان، بڵاوکی" کوردستان" لەباکۆی پێتەختی ئازەربایجان، یەکەمین هەنگاوی هوردەبورژوازی کورد بوو بۆ چوونە مەیدانی بیری مارکسیستی خۆ بەستو بەحیزبی تودەی ئێرانەوە. هیوام وایە ئەم وتارە بتوانێ دیرۆکی

سەرهەڵدان و چۆنیەتی بنج داکوتانی بیری حیزبی توده لەمەر دۆزی کورد بۆ خوێنەر شیبکاتەوە.

دەسپێکی کاری بڵاوکی" کوردستان" لەباکۆ، گرێدراوی هەڵەسون هێنانەوەی فیرقەیی دێمۆکراتی ئازەربایجان لەباکۆ بوو. لەدوای شکستی حکومەتی خۆدمختاری ئازەربایجان و گیرسانەوەی ڕێبەران و ئەندامانی فیرقە لە باکۆ ئەو ڕێبەرایەتییە، جارێکی دیکە دەس بەخۆڕێکخستن دەکاتەوە. لەدرێژەی ئەو هەوڵانەدا ڕۆژنامەی ئازەربایجانیش لە10ی سەرماوەزی 1326 هەتاوی لەباکۆ دەس بە وەشانی خۆی دەکاتەوە(بڕوانە بەییرەوەریەکانی لاهرودی، لا پەڕەی 103).

لەو نێوەش دا، فیرقە ڕێگا دەدا لە دوو توێی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی ئازەربایجان دا یەک لاپەڕە بەنێوی "کوردستان"، ئورگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڵاو بکرێتەوە (لاهروودی، 1386: 104).

تێبینیی: بڵاوکی کوردستان لەساڵی1947 بەدواوە دەبێ لەلایەن فیرقەی دێموکراتی کوردستانەوە لەباکۆ دەرچوبێ .

هاوکات لەگەڵ دەرکەوتنی خولی دووهەمی بڵاوکراوەی فیرقەلەتاراوگە، ڕێگە دەدرێ ڕۆژنامەی کوردستانیش هەلی زیندو کردنەوەی بۆ برەخسێ. لەگەڵ ئەو هەنگاوە"کۆمیتەی ناوەندی فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان"

لە کۆبوونەوەیەکی دا (12 فوریەی 1948) بڕیار دەدا ڕەحیمی قازی و عەلی گەلاوێژ بەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی فیرقە دیاری بکات(لاهروودی، لاپەڕەی 104).

"وەک لە لاپەڕەی ئەم ڕۆژنامەیە دەر دەکەوێ نوسەرانی بریتی بوون لەدوکتۆر ڕەحیمی قازی، د. گەلاوێژ، کەریمی ئەیوبی، د. نادری، ا. گەرمیانی، م. شەلماشی... نوسەران و بەڕێوەبەرانی ئەم ڕۆژنامەیە ساڵی 1946 لەلایەن حکومەتی کۆماری کوردستانەوە بۆ خوێندن دەنێردرێنە ئازەربایجان و پاش تێکچونی کۆماری کوردستان ئیتر ناگەرێنەوە و بەناوی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لەباکو "ڕۆژنامەی کوردستان" بڵاو دەکەنەوە(حسامی، 1991:101).

یادکردنەوە لە کونگرە دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان

بەشێوەیەکی گشتی لەژیانی گشت حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی دا، یەکەم بەیاننامەی دەسپێکی کار و تێکۆشان و بەشوێن ئەویش دا کونگرەی دامەرزێنەر، جێگایەکی تایبەتیان هەیە. لەم کاتانەدا ناسنامەی سیاسی و فیکری ئەو ڕێکخراوەیە دێتە خەملاندن و دەبێتە پێوانەیەک بۆ جۆری ڕوانین لە خەت و ڕێبازی ئەو حیزبە. گرینگی ئەم مەسەلەیە، بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانیش هەر بەهەمان شێوەیە. واتە بە وردبوونەوە لە بەیاننامە و پەسەندکراوەکانی یەکەم کونگرەی ئەو حیزبە، لە لایەک سیمای سیاسی ئەو حیزبەی پێ

دەناسرێتەوە. لە لایەکی ترەوە بۆ وەچەی ئێستا ولامی کۆمەڵێک پرسیاری گرینگی پێ دەدرێتەوە. پرسیاری وەک: مەبەست لە دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی چ بوو؟ بۆ چی ژێکاف جێگای خۆی دا بەحیزبی دیموکرات؟ ئایا ئامانجی حیزبی دیموکرات درێژەی هەر هەمان ئامانجی ژێکاف بوو؟ یا خۆ بەپێچەوانە مەبەست لە دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان ماڵ ئاوایی لەبیری سەربەخۆ خوازانەی ژێکاف بوو؟

لەم ساڵانەی دوایی دا سێ ڕوانگەی جیاواز بو وەڵامی ئەو پرسیارانە هاتۆنەتە ئاراوە.

-ڕوانگەیەک لای وایە بەگۆڕینی ژێکاف بۆ حیزبی دیموکرات بیری سەربەخۆیی خوازی لەسیاسەتی کوردی دا بۆ هەمیشە بنەبڕ دەکرێ.

-ڕوانگەیەکی تر لەسەر ئەو باوەڕەیە ژێرخانی فیکریی و بنچینەکانی بیری دامەزرێنەرانی ژێکاف و دیموکرات سەر بەیەک ماڵبات بوون. بۆ هەردوکیان بیری کۆتایی هێنان بە داگیرکراوەیی کوردستان و پێکهێنانی کیانێکی سەربەخۆی نەتەوەیی بنەمایەکی فیکری نەگۆڕ بوو. بەپشت بەستن بەم خوێندنەوەیە، ئەم ڕوانگەیە لایوایە گۆڕینی ژێکاف بۆ حیزبی دیموکرات، تەنیا گۆڕین لەناوێک بوە و بەس(ئەیوب زادە، 2008).

سێ هەم ڕوانگە بریتیە لە تێڕوانینی ڕێبەرانی حیزبی دیمۆکرات:

بەگوێرەی ئەم ڕوانگەیە ژێکاف ڕێکخراوێکی ناسیونالیستی بەرچاوتەنگی داخراو بووە و نەی دەتوانێ ڕوو لە کۆمەڵانی بەرینی خەڵک بکا و خەباتی گەلی کورد بەخەباتی گەلانی دیکەی ئیرانەوە گرێ بدا.

ڕۆژنامەی کۆردستان لە باکۆ لە دوای هەرەسی کۆمار، یەکەم بڵاوکراوەیە کە بۆ یەکەم جار لەدرگای ئەم باس دەدا. بۆ ئەم مەبەستە کوردستان، لەژمارەی 302 ی خوی دا وتارێک تەرخان دەکات لەژێر سەر دێری: تێوەرسوڕانی سێیەمین وەرزی ئەوەلین کۆنگرەی حیزبی دیمۆکراتی کۆردستان و لەم یاد کردنەوەیەدا هاتووە:

"پێنج وەرز لەمەوبەر لە بەرواری دووی مانگی خەزەڵوەر دا هەووەڵین کۆنگرەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە باژاری مهاباد بە ئیشتراکی 270 نەفەر نوێنەرانی تەواوی چینەکانی کوردستانی مەزن ساز بوو. ئەو کۆنگرەیە دەمێژووی بەربەرەکانیی نەتەوەی کورد دا خاوەنی کەڵکێکی زۆر گەورەیە و بۆ کەڕەتی هەوەڵ یەکێتی ئیرادە و ئاوات و ئامانجی چینەکانی کوردستانی بەئیسبات گەیاند. ئەو کۆنگرەیەدرۆ و تەبلیغات و بۆختانی چەندین وەرزی داگیرکەرانی ئێران و عێڕاق و تورکیەی سوور کردەوە. وەکی مەعلوومە دوژمنانی نەتەوەی ئێمە دائیمەن داوایان دەکرد کەگۆیا یەکێتی ئیرادە و ئامانج دەنێو نەتەوەی کورد دا دەگۆڕێ دا نیە. فاشیستەکانی تورکیە داوایان دەکرد کە(مەبەستی کوردایەتی) لەتورکیەدا نەماوە. دەم و دەزگای ڕەزا خان بەخۆی دەفشی کە دەنێوان عەشیرەتەکانی

کوردستان دا نێوان ناخۆشی و دوژمنایەتی پێک هێناوە و هەتا هەتایە لە نێویان هەڵناگیرێ. بەڵام هاتنی نوێنەرانی تەواوی کوردستانی مەزن و عەشیرەتەکان بۆ کۆنگرە و ئیزهاراتی ئەوان دەکۆنگرەی ناوبراودا دیوی ئاوەژووی دوژمنانی نەتەوەی کوردی دەرخست. ئەو نوێنەرانەی کەبۆ کۆنگرە هەڵبژێردرا بوون، لە دەردی نەتەوەی کورد و لە زوڵم و زۆری داگیرکەران نیسبەت بە کوردان بەچاکی ئاگادار بوون و بۆ خۆیان دەنێو ئاگری زوڵمی داگیرکەران دا دەسووتان. دەگەڵ ئەوەی کەداگیرکەران بۆ پێشگیری کردن لە هاتوچۆی کوردان سنوورە داتاشراوەکانیان قایم کردبوو، دەگەڵ ئەوەی کەتێرۆر و تەبعید و تاڵان کردن لەسەر سنوورە داتاشراوەکان حوکماتی دەکرد، بەڵام دیسانەکەش ئیرادەی یەکێتیخوازی کوردانیان پێ بێهێز نەکرا و لە کوردستانی داگیرکراوی سوریە و عێراق و تورکیەڕا چەند نوێنەرێک بۆ ئیشتیراک کردن دەکۆنگرەدا هاتنەمهابادێ. نوێنەری کوردستانی داگیرکراوی عێراق دەکۆنگرەدا ڕایگەیاند کە( دەبێ تەواوی کوردستان یەک کەوێت و مەرامی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕزگار کردنی تەواوی کوردستانی داگیر کراوە) ...

دەهەوەڵین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا ڕیزە قەرارێک قبووڵ کرا کە یەکێک لەوان لەمەڕ قایم کردنی دۆستایەتی و یەکێتی خەڵکی کوردستان و ئازەربایجان بوو. هەر وەها کۆنگرە لەپاش تەواو کردنی کار و باری خۆی ئاگادارییەکی بڵاو کردەوەکە: (... هەوەڵین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەپاش چەند ڕۆژ سکاڵا بەئیشتراکی نوێنەرانی تەواوی نەتەوەی کورد ئەو نەتیجەیەی وەدەست هێنا کە دەبێ کوردستان ڕزگار و سەربەست و یەک بێت ...

مەڕامنامەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ بەربەرەکانی ڕزگاری نەتەوەیی کورد هەڵکەوتووترین چەکێکی بەبڕشتە و دەبێ کۆمەڵانی خەڵک لە دەوری ئەو حیزبە وەخڕ بن.) نیهایەت کۆنگرە بە سەرۆکایەتی قازی محمد کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژارد و پێی ئەسپارد کە لەو ڕۆ ڕا بەگوێرەی مەڕام و نیزامی تەسویبکراوی کۆنگرە دەست بەکار بکا. بەو جۆرەی کاروباری هەوەڵین کۆنگرەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دوایی هات. ئەو کۆنگرەیە دەمێژووی بەربەرەکانیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا بەکۆنگرەی پێک هێنانی یەکێتی نەتەوەیی کورد دەژمێردرێ. (کوردستان ئۆرگانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ژمارە 302 شەممە 6 ی خەزەڵوەرتی 1329).

ورد بوونەوەلەدقی ئەو وتارە نیشان دەدا هێشتا فیکر و ڕیبازی حیزبی تودە نەیتوانیوە دزە بکاتە نێو بیر و ڕوانینی بڵاوکراوەی کوردستان. بەگوێرەی ئەم تێکستە، حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەر درێژەدەری ئامانجی سەربەخۆیی خوازانەی ژێکاف بووە و بنەمای فکریی هەردووکیان خوی لە خانەی سەر بەخۆیی خوازانەی نەتەوەیی دا دیتۆتەوە.

هەروەها بەگوێرەی ئەو دەقە چ شوێنەوارێك لەباسی ئۆتۆنۆمیی خوازی حیزبی دیموکرات لە یەکەم کونگرەی ئەو حیزبەدا نابینرێ.

لەوەش گرینگتر چ باسێکیش لە بوونی بەیاننامەیەکی 8 مادەی نایەتە گۆڕێ کە لەسەردەمی ئێستادا قسە لە بوونی دەکرێ. بەگوێرەی ئەو تێکستە گۆڕینی ژێکاف بۆ حیزبی دیموکرات، تەنیا دەبێ گۆڕانێک لەناو دا بوو بێ و بەس.

سەربەخۆیی کوردستان و پێکهێنانی کیانێکی سەربەخۆی نەتەوەیی بۆ کورد بەردی بناغەی فیکریی و سیاسی دەستەی دامەزرێنەری هەردوو ڕێکخراوەکەی لەخۆی گرتووە.

بەڵام چوار ساڵ دواتر:

بڵاوکی حیزبی دیموکرات لەباکۆ چوار ساڵ دواتر واتە دیسانیش بەبۆنەی 9 نۆهەمین ساڵوەگەریی یەکەمین کونگرەی حیزبی دیموکرات، لە بڵاوکراوەکەی دا وتارێکی تریش بۆ ئەو بۆنەیە تەرخان دەکات و خولیای یاد کردنەوەیەکی تر هەڵی دەگرێ. بەڵام ئەگەر لە یادکردنەوەی پێنجەمین ساڵوەگەریی یەکەم کۆنگرەی حیزبدا، یەکەم کۆنگرەی حیزبی دیموکرات بەکۆنگرەی یەکێتی نەتەوەیی کورد لەقەڵەم دەدا و باس لە قەراری پەسەندکراوی ئەو کۆنگرەیە دەکا کە: دەبێ کوردستان سەربەست و ڕزگار و یەک بێت، لە یادکردنەوەی 9 ساڵەدا دیمەنێکی بەتەواوی جیاواز لەڕێباز و پەسەندکراوی ئەو کونگرەیە دەخاتەڕوو.

لە دیمەنی ئەم جارەدا جەوهەر و سروشتی کونگرەکە دێتە گۆڕاندان و لە قەڵەمبازێکی سەرسوڕهێنەر دا قسە لەبوونی ستراتیژییەکی دیکەی سیاسی دەکرێ. ڕێبازی ڕزگار کردنی کوردستان لە داگیرکەر و کوردستان دەبێ یەک بێ، بەسانایی بۆ خۆدمختاری لە چوارچێوەیی ئێراندا و گرتنەبەری خەباتی دژی ئمپریالیستی جی گورکەیان پێ دەکرێ.

با وێکرا لەم تیکستەش بڕوانین:

نۆهەمین ساڵی هەوەڵین کۆنگرەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان" ئەهمیەتی سازبوونی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و یەکەمین کۆنگرەی و بەر هەموو شتێک لەوەدایە کە، ئەو دەمی هێزی دێموکڕاسی بەسەر فاشیزم دا سەرکەوتوو ببوو وەکوو تەواوی نەتەوەکان نەتەوەی کوردیش لەو هەڵکەوتوویی‌یەتی‌یەدا ئیستیفادەی کرد و بۆ ئەستاندنی حقوق و ڕزگاریی خۆی دەستی بەکار کرد. حییزبی دێموکڕاتی کوردستان تەواوی هێزە پێشکەوتووەکانی کوردستانی لەڕیزێکی واحید و یەککەوتوو دا بەپێچەوانەی ئیرتیجاع و ئیمپریالیسم وەخڕ هێنا. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وڵاتی کوردستانی لەژێر نفوزی ئیمپریالیسم دەر هێنا و تێکەڵاوی ناوچەی هیدایەتی و دێموکڕاسی دنیای کرد. کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەهۆی پەسند کردنی مەڕامنامەو نیزامنامەی حیزب بەشی ئەساسیی ئاواتی ئەو ڕۆژەی نەتەوەی کوردی دەخۆی دا نواند. لەبەیاننامەیەک دا کەبەر لەساز بوونی کۆنگرەلەلایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕا بڵاو کراوەتەوە ڕاگەیێندرابوو کە( ئێمەکوردان کە لە ئێران دا دەژین چەند ساڵ و بەڵکەچەند قەرنەبۆ ئەستاندنی هەق و ئیختیاری میللی کێشەمان کردووە. لەخۆمان کردۆتەگاوگەردون. بەدبەختانە کاربەدەستانی مستبدی ئێران بەهیچ جۆرێک حازر نەبوون قسە حیسابی‌یەکانی ئێمە ببیستن. حەتتا لەو حەقە کە، لەقانوونی ئەساسی دا بۆ

ئەیالات و ویلایەتەکانی ئێران داندراوە نەیانهێشتووە فایدە وەربگرین و هەمیشەجوابی ئێمە گوللە و بۆمب و تۆپ و گیران و دەربەدەری و لەداردان و یەخسیری بووە. هەر لەو بەیاننامەیەدا ڕاگەیێندرابوو کە" هاووڵاتیانی خۆشەویست دەبێ بزانن هەق نادرێ، دەستێندرێ. ئێمەدەبێ بۆ ئەستاندنی هەق و ئیختیاراتی میللی جێگای خۆمان ملە بکەین، ئەو ملەیەش یەکێتی، پاڵ وێکدان، تەشکیلات و چوونەپێشی پێویستە." هەر لەو بەیاننامەیەدا 8 شوعاری تایبەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان نووسرابوو. لەو شوعارانەدا هەقی خودموختاری کوردان، حەقی خوێندن و نووسین و ئیدارەکردنی کاری وڵات بەزمانی کوردی، دامەزراندنی ئەنجومەنی ئەیالەتیی کوردستان و دەربارەی کرانی مەئموورین لەخودی کوردان داوا کرابوو .... داوا کرابوو کە، نەتەوەی کورد دەگەڵ نەتەوەی ئازەربایجان و ئاسۆری و ئەرمەنی و ئەوانی دیکە دەستی برایەتی داوەبەیەک و بۆ ڕزگاریی تەواوی خەڵکەکانی ئێران بەربەرەکانی دەکا. لەوێ دا ڕاگەیێندرابوو کەحیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەهۆی ئیستیفادە لە سەروەتی تەبیعی کوردستان و پەرەپێدانی جووتێری و توجارەت و مەعاریف و صەحیە بۆ بەرەو ژوور بردنی بارستایی ژیانی ماددی و مەعنەویی نەتەوەی کورد بەربەرەکانی دەکا. ئەو ئاگادارییە لە لایەن 71 کەس ڕا ئیمزا کرابوو، کە لەوانە24 کەسیان خاوەن ملْکی چکۆلە، 18 کەس وردەبورژوا، 9 کەس ڕووناکبیر و کاربەدەستی دەوڵەتی، 16 کەس

سەرۆک و ئەندامی عەشیرەت و 4 کەس ڕوحانی بوون. ... مەبەستی ئەساسی ئەوێ ڕۆژێ کە، عیبارەت لەبەربەرەکانی بەپێچەوانەی فاشیزم و ئیمپریالیسم بوو لەمەرامنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا زۆر بەچاکی و ڕووناکی ڕاگەیێندرابوو و وەزیفەی ئەساسی ئەوێ ڕۆژێ کوردان نیشان دراوە. لەمەڕ نیوە و ناتەواوی مەرامنامەکە ئەوی دەمی نەدەکرا بدوێین، چونکەمەبەستی ئەساسی بەدروستی لەوێ دا نیشان درابوو. بەڵام ئەورۆ لە حاڵێک دا کە ناوچەی هیدایەتی و دێموکراسی دنیا گەلێک بەرەو پێش چووە و زیددیەتی کۆمەڵایەتی لە وڵاتی ئێمەدا گەلێک پەرەی گرتووە ناکرێت لەمەڕ گەلێک لەو نیوە و ناتەواوییانە بێ دەنگ دابنیشین. ناتەواوییەکی زۆر گەورە کە، ئەورۆ لەو مەرامنامەیەدا وەبەر چاو دەکەوێ عیبارەت لەوەیە کە، لەوێ دا لەمەڕ مەبەستی زەوی و بەرەبەرەکانیی چینایەتی لەکوردستان دا. لەحاڵێک دا کەبورژوازی ئێران بە لەونی لیبێراڵ مەبەستی ئیسلاحاتی زەوی دەهێنێتەگۆڕێ، لەحاڵێک دا کە، حەتتا شا زەوی بەش کردن بەگەورەترین هۆی تەبلیغاتی خۆی دەزانێ، حیزبێک کە، خۆی بەنوێنەری میلوێنها ئینسانی زەحمەتکێش دەزانێ، حیزبێک کە، دەیەوێت ڕێگای ڕزگاری بەخەڵک نیشان بدا ناتوانێ ئیتر لەمەڕ مەبەستی زەوی بێدەنگ بێت. لەنێوان لابردنی فیئۆدالیسم و مەحو کردنەوەی ڕێ و شوێنی سیرواژ یەکێک لەو ئامانجە هەرە گەورانەیە کە، ئەورۆکە دەبەرامبەر نەتەوەی کورد دا ڕاوەستاوە.

ئەورۆ لەحاڵێک دا کە9 ساڵ لەهەوەڵین کۆنگرەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕادەبرێ نەتەوەی کورد لەژێر ڕێبەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە پێچەوانەی دەزگای مونارخۆ ـ فاشیستی شا ـ زاهیدی بەربەرەکانی دەکات و تێدەکۆشێ کە نیشتمانی خۆی لەژێر چنگەگۆڕکێی ئیمپریالیسم دەر بێنێ. ئەورۆ شوعاری ئەساسی بەربەرەکانی بەپێچەوانەی ئیمپریالیسمە. لەو حاڵەدا بەربەرەکانیی چینایەتی لەسەر ئەساسی ئەو شوعارەبەرو پێش دەڕوا(کوردستان ئۆرگانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ژمارە681 شەممە، 1 خەزەڵوەری 1333).

هۆکاریی ئەم وەرچەرخانەیی "کوردستان" لەباکۆ دەبێ چ بووبێ؟ خوێنەری بڵاوکی "کوردستان" لە باکۆ دەبێ بەکام یەک لەو دوودیمەنەی بۆی نەخشێنراوە متمانەبکا؟ مرۆڤی کوردبۆ تێگەیشتن لەئامانجی یەکەم کونگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەلاقەی کام یەک لەو دوو دیمەنەوە دەبی لێ بڕوانی؟ کونگرەی خەبات بۆ کۆتایی هێنان بە داگیرکراوی لەوڵات یا خۆ کار کردن بۆ دموکراتیزەکردنی ئێران و بەرز کردنەوەی کۆمەڵە ئیمتیازاتێکی فەرهەنگی؟دەبێ لەماوەی ئەو چوار ساڵەدا کونگرەی یەکەمی حیزبی دیموکرات چ زاو وزێکی بەخۆیەوە دیتبێ کەهەر جارێ ئامانجێکی بە تەواوی جیاوازی پەسند کردبێ و هەوڵی بۆبدا؟

گەران بەدوای دۆزینەوەی هۆکاریی ئەو وەرچەرخانە لە ڕاوێژ و بیری دەستەی نووسەرانی کوردستان لەباکۆ هیندە کارێکی بەزەحمەت نیە. هاتنەسەرکاری خرۆشچف لەسالی 1957 و زخت و زوریی حیزبی تودە بۆ توانەوەی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان لەهۆکارەکانی وەرچەرخانی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی کوردستان لە باکۆیە. وردبوونەوە لە بیرەوریەکانی ئیحسانی تەبەری، نورەدینی کیانوەردی و عەلی لاهروودی دەتوانێ لەم پەیوەندیەدا گەلێک یارماتیدەر بێ.

کاتێک لەپاییزی 1954 یەکەم کونفرانسی فیرقە لە باکۆ پێک دەهێنرێ، دۆکتۆر ڕادمەنش دەبیر ئەوەڵی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تودەش وەک مێوان بۆ ئەو کۆنفرانسە بانگهێشتن دەکرێ. " لاهرودی" لەبیرەوەریەکانی دا ئەم بەیەک گەیشتنە بە یەکەم  پەیوەندی نێوان ئەم دوو ڕێکخراو لەقەڵەم دەدا(لاپەڕەی 117).

هەر ڕاست لەو کۆنفرانسەش دا دەبێ باسی تێکەڵ بوونی فێرقە لە نێو حیزبی تودەدا لەلایەن دوکتور ڕادمەنشەوە دێتەگۆڕێ و لە کۆتاییدا لەژێر گوشاری کاربەدەستانی مۆسکۆ فیرقە ناچار دەبێ بۆ توانەوەی خۆی لەنێو حیزبی تودەدا بەچۆکدا بێ.

لەناو هەناوی کەش و هەوایەکی سیاسی و فیکری ئەوتویە وتاری یادکردنەوەی 9هەمین ساڵی کونگرەی یەکەمی حیزبی دیموکرات دێتەبەرهەم و لەجێگایی خەبات بۆ رزگاری نەتەوەیی و داگیرکراوی کوردستان بە قەرز وەرگرتن لەئەدەبیاتی سیاسی حیزبی تودە دەبێ قسە لە خەباتی دژی ئیمپریالیستی و هێنانەسەر کاری دەسەڵاتێکی دیموکراتیک لە تاران بکرێ.

دیارە توانەوەی فیرقە لە نیۆ ریزەکانی حیزبی تودە هەنگاوێکی یەک شەوە نەبوو. سەرانی فیرقە تا ئەو جێگایەی بۆیان کرا، بۆ خۆدیتنەوە لەو چارەنوسە کەڵەوەکێشیان گرت. بەگوێرەی ئەوەی لاهرودی لە بیرەوەریەکانی دا دەڵێ مەسەلەی قوت دانی فیرقە بۆتودە 5 ساڵی خایاند"(لاپەڕەی 121).

لەدۆخێکی ئاوادا ، چارەنووسی دەستەی نوسەرانی کوردستان لە باکۆ نەیدەتوانی لەچارەنووسی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان باشتر بێ. ڕەوتی خۆ دیتنەوە و توانەوە لە ڕێبازی حیزبی تودە دەبوایە باڵ بەسەر بیر و ڕوانینی دەستەی نوسەرانی کوردستان لە باکۆش دا بێنێ.

تێڕوانینی دەزگای فیکریی و سیاسیی حیزبی تودە، کاریگەری تەواوی بۆ ئاڵوگۆڕ کردن لەئامانجی حیزبی دێموکراتیش دا دەبوو پێک بێنێ. چۆن دەلوا حیزبی دیموکرات بەوێنەی لەقێکی حیزبی تودە پێناسەبکرێ. لەم لاشەوە باس لەئامانجی سەربەخۆیخوازی کۆنگرەیی یەکەمی ئەو حیزبە بکرێ؟ یەک لەو دوو ئامانجە

دەبوایە جێی بەوەی تر چۆڵ بکردایە. لەگەڵ دەسپیکی وتوێژەکانی نێوان فیرقەی ئازەربایجان و حیزبی تودە، حیزبی دیمۆکرات لە باکۆش دەبوایە چارەنووسی سیاسی خۆی دیاری بکردبایە. دریژەی ڕێبازی ژێکاف و حیزبە دیمۆکراتەکەی سەردەمی پێشەوا، دەکەوتە خانەی دژبەری لە ئاشتی نەهاتوی حیزبی تودەوە. بۆ دەرباز بوون لەو تەنگژەیە وێنەیەکی تر لە مێژووی حیزبەکەی پێشەوا دەیتوانێ بەسانایی ئەم گرفتە چارەسەر بکات.

بۆشایی بەڕێوەبەرایەتی حیزب لە دوای کۆمار دەرفەتێک بۆ ئەو توێژە دەخولقێنێ کە بە ناهەق ریسالەتی دامەزراندنەوەی حیزبی دێموکرات وەئەستۆ بگرن. بەلام ئەو کەسانە لەبری گەڕانەوە بۆ بیری پێشەوا و ژێکاف ( درێژەی خەتی فکریی حیزبی دێموکرات) هاوردەی حیزبی تودەیان کردە خەتی فکریی حیزبی دێموکراتی دوای روخانی کۆماری کوردستان.

لێرەوە ئیتر پێویستی بەمێژوو سازییەکی ساختەبوو. بۆ جێکردنەوەی بیرۆکەی ئێرانیگەریی دەبوو وێنەیەکی تر لەمێژووی خەباتی ڕزگاری خوازانەی کورد چێ بکرێ. لەچێ کردنی ئەو مێژووسازیەشدا، پاراستنی تەواویەتی ئەرزی ئێران، هەوڵدان بۆ دیموکراتیزەکردنی دەزگای دەوڵەت لەئێران، هێنانەئارای دروشمی ئۆتۆنۆمی لەقاڵبی بەیاننامەی 8 ماددەیی و پێکهێنانی بەرەی دژ ئیمپریالیستی، دەبوو بە تۆبزیش بووبێ بکرێتە بنەمای فیکری پێشەوا و حیزبەکەی. لەم

وێنەسازیەدا دەبوایە تا ئەو سنورە باس لەئامانجی  حیزبە دیمۆکراتەکەی قازی و کۆماری کوردستان کرابایە کە لەگەڵ بنەما فیکریەکانی حیزبی تاقانەوە نەکەوێتە دژایەتی‌یەوە. بۆ ئەم مەبەستەش کۆماری کوردستانیش دەبوو لەنێوەڕۆکی ڕاستەقینەی خۆی بەتاڵ بکرێ. لەم وێستگەش دا کۆماری کوردستان دەبوو لەبیچم و نێوەڕۆکی کیانێکی سەربەخۆیی نەتەوەیی یەوە، بۆ حکومەتی خۆدمختار دابەزیندرێ و سروشتی مەسەلەیی کورد لەخەبات بۆ کۆتاییهێنان بە کۆیلەتی و داگیرکراەیی وڵات ، بۆ هێنانەسەرکاریی ڕژیمێکی دیمۆکراتی لەتاران جێ گورکیان پێ بکرێ.

کۆبەند

ڕۆژنامەی کوردستان لەباکۆ زمانی حاڵی کۆمەڵێکی مارکسیستی ناسەربەخۆی کورد بوو کە لەدوای کۆماری کوردستان بەناوی ئورگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڵاوکراوەتەوە.

ژیانی سیاسیی و فکریی بڵاوۆکە کە بەدوو قۆناغدا تێ پەڕیوە. لەقۆناغی یەکەم دا لەگەڵ ئەوەی بە خەست و خۆڵی دیفاع لەبیری مارکسییت - لنینیستی دەکات و لەدووتویی ژمارەکانی دا بێ نیوەبڕ بۆ خوێنەرانی لەدەسکەوت و داهێنانەکانی حکۆمەتی سۆڤییەتی دەدوێ، بەڵام لەهەمەن کات دا شەقڵ و مۆری بیرێکی

ژێکافیانەش بە وتارەکانیەوە دەبینرێ. تەمەنی ئەم قۆناغە تا دەس پێکردنی قوت دانی فیرقەی ئازەربایجان لەناو ڕیزەکانی حیزبی تودەی ئێراندا بڕ دەکات.

بۆ سەلماندنی ئەو بۆچونە با پێکەوە لەو دوو فاکتەیی خوارەوە بڕوانین:

"دەشەرائطی ئەو ڕۆی کوردستان دا نەتەوەی کورد چاوی هیواو و هۆمێدی لە حیزبی سەربەرزی دیمۆکراتی کوردستان و بەتایبەتی لەو اوانەیە کە لە وڵاتی شورەوی خەریکی خوێندن و فێربوونی زانستن. ئەو لاوانە لە گەنجینەی ڕزگاری کوردستان دا هەریەک گەوهەرێکی بەنرخ و بێ وێنەن. ئەو لاوانە لەسەر بحری بێ بنی مارکسیزم و لینینیزم راوەستاون و پاشەکەوتێک کە لەو بحرە بۆ دوا ڕۆژ هەڵی دەگرن، بەستە بە همەت و گیانفیداییکە کە دەر ەحق بە نەتەوەیی کورد هەیانە. ئەو لاوانە دەبێ ئەوەیی لەبەر چاو ون نەکەن و شعاری کار و کردارمان ئەوەبێ کە: ڕزگاری کوردستانی، دامەزراندنی بەختەوەری بۆ نەتەوەی کورد و کوردوستانی مەزن و نشان دانی کوردستان واحد و آزاد و سەربەخۆ بە تەواوی دنیایە...."(کوردستان، ژمارە 236. 17 ڕەشەمەی ساڵ 1328).

"لنینیزم ئاسۆیەکی پڕ تەموومژی کوردستانیشی ڕووناک کردەوە و. لەو و تا لنینیزم هاتۆتەگۆڕی، لەکوردستانیش کۆمەڵ و حیزبی آزادیخواز و پێش کەوتوو هاتۆتەگۆر کە بەگوێرەی ڕێگای نۆی لنینیزم، نەتەوەیی کورد بۆ لای ڕزگاری و سەربەخۆیی دەبات. حیزبی دیموکراتی کوردستان بویە تشکیلاتێکی کۆمەڵایەتیە و

بۆیە لەنێو کورد دا ریشەی داکووتاوە کەبەگوێرەی ڕێگای نوێ لنینیزم بەربەرەکانی دەکات"(کوردستان، ئورگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە9. بانەمەریی 1330).

لەبەرەبەریی دەسپێکی پرۆسەی توانەوەیی فیرقە لەناو حیزبی تودەدا بیر و ئەدەبیاتی نوسینی دەستەی نوسەرانی کوردستان لە باکۆ دێتەگۆڕین.

ئەو دەقەیی خوارەوە وێنەیەکی ئاشکرای ئەو قۆناغەیە:

کوردستان لە باکۆ لەڕەزەبەری 1332 لەژمارەی 55 ی خۆی دا دەنوسێ:"کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پا ئانالیزی کۆدتای شا- زاهیدی و لێکدانەوەی بەسەرهاتەکان، پیشنهادی تشکیلاتە پێشکەوتووەکانی وڵات لەمەر پێویست بوونی جبهەییکی واحدی ضدی امپریالیستی بۆ شکاندنی دۆژمنی مشترک و سەرەوژێر کردنەوەی حکومەتی مۆنارخۆ- فاشیستی شا- زاهدی لەسەر ئەساسی دووبەندی خواروو تەکید دەکات:

1- حکومەتی خائینی شا- زاهیدی سەرەو ژێر بکرێتەوە و شوێن و نەتیجەی ئەو جنایتانەی کەبەدەستی ئەو حکومەتە و بەپێچەوانەی حاکمیەتی نەتەوایەتی و ڕزگاری کۆمەڵایەتی خەڵک دەکرێت لەنێوان لاببردرێت.

2- دوڵەتێک بهێنرێتە سەر کار کە لە پێناوی بڕینی قطعی ئیمپریالیستەکانی ئامریکا و انگلیس دا اقدام بکات و لە هەموو جێگایەکی وڵات ئازادی

دیموکراتیک یان ئازادی حزب، هەڵبژاردن مطبووعات، کۆبوونەوە و نمایش

دان دابین بکات. کۆمیتەناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان

وەک دەبینین ئەم ئامانجەی بەسەر بزوتنەوەی ڕزگاری خوازیانەی کورد دا سەپێندرا، کۆتایی بەو قۆناغە مێژووییە دور و درێژە هێنا کە نەتەوەیی کورد بۆ ڕزگار بوون و سەربەخۆیی کوردستان لەمێژ ساڵ بوو دەستی پێ کردبوو. ئەگەر لەسەردەمی ژێکاف و کۆماری کوردستان، گۆڤارەکانی "نیشتمان" و "کوردستان" بەهۆی پشتیوانێکی کەسیاسەتی سۆڤیەتی لەکوردیی دەکرد، بۆ شۆڕشی ئۆکتۆبر و ڕێبەرانی ئەو شۆڕشە، سۆز و خۆشەویستیەکی بۆ تێدا دەبینرێ، لەدوایی کۆمار وەرچەرخانێک لەبیر و هزری ڕووناکبیری کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوو دەدا.

ئیتر لێرەوە لایەنگریی بۆ سۆڤیەت و بیری مارکسیست- لنینیستی تەنیا لە بازنەی سۆز و خۆشەویستی بۆ هێزێکی فەریاد ڕەس خۆ نابینێتەوە و دەبێتە خەتێکی فیکریی و سیاسی و تاقە حیزبێکیش کە لەسەر شانۆی سیاسی ئەو کاتەی ئێران، نوێنەرایەتی ئەو ئیدۆلۆژیەی دەکرد ، حیزبی تودەیی ئێران بوو.

بەپێگەیشتنی ئەم توێژە لەسەحنەی سیاسی کۆمەڵی کوردەواری دا ستراتێژی نەتەوەیی کورد گۆڕدرا و بیری سەربەخۆ خوازی کورد جێی پێ لێژ کرا. بەسەر هەڵدان و گەشەکردنی ئەم بزاڤە فیکریە لە کوردستان، مالی لێک ترازاوی کورد هیندەی دیکەش ڕووبەڕووی سەر لێشێواویی و تەنگ و چەلەمەیی تر بووەوە.

ستراتێژی خۆ بەستنەوە بە ئەقڵ و کولتوری ئێرانیگەریی و شەرعیەت دان بەداگیرکەران لەکوردستان تەنیا دیوێکی ئەم ڕۆشنبیریەبوو.

بزوێنەری سەرەکی بزاڤی ڕزگاری خوازیی کوردستان ناکۆکی نێوان نەتەوەیەکی ژێردەست و دەوڵەتانێکی داگیر کەر بوو، هەر بەو پێیە ئەرک و ئامانجی سەرەکیی ئەم بزاڤە وەک هەر بزووتنەوەیەکی ڕزگاری خوازی دیکەی دنیا، ئەوەبوو کەناکۆکی نێوان وڵاتێکی داگیرکراو و دەسەلاتی داگیر کەری بێگانە چارەسەر بکات، بەڵام لەژێر کاریگەریەکانی میراتی فیکری ئەم تۆێژە، مەسەلەی کورد بۆ ئاستی نەبوونی ئازادیەدیموکراتیەکان لە ئێراندا دابەزێنەرا و دۆزی کورد مەحکومی دۆخی سیاسی و ئابووری وڵاتی داگیر کەر کرا. ئەگەر لەو گۆشەنیگایەوە لەو ڕۆشنبیریە بڕوانین کەدەستەی خوێندەوار و چالاکی سیاسی کورد دوای کۆمار هێنایانە ناو بزوتنەوەی کوردەوە، دەتوانین بڵێین ئەمە دەسپێکێکی نوێ بوو.

ڕاگوستنی هاوردەی فیکر و ڕێبازی حیزبی تودەیی ئێران بۆ ناو بزوتنەوەی کورد چ بۆرە خزمایەتیەکی لەگەڵ مێژووی پڕ لەهەوراز و نشێوی نەتەوەخوازی کورد دا نەبوو.

ئەگەر خۆ دیتنەوە لە ئیدئۆلۆژیی کۆمۆنیزم لە گەلێک وڵاتی وەک ویتنام و کوبا کرا بە هەوێنی بیری ڕزگارکردنی وڵات لەداگیرکاریی، یا خۆ تەنانەت لەهێندیک

وڵاتی وەک ئێران و عێراق و تورکیە، لە ناوەڕۆکدا ئامانجی ئەم تەیارە سەربەخۆیی سیاسی و ئابووریی و کۆتایی هێنان بەبەستراوەیی وڵاتەکەیان بوو، لەکوردستان بەپێچەوانە ئەم فیکرە هیچ کات نەی توانی شەقڵ و مۆریی ئیدۆلۆژیکی نیشتمانی و سەربەخۆی کوردستانی بەخۆیەوە بگرێ.

لە ئالیکی دیکەشەوە ئەم بزاڤە فیکریە بەبیانوی خەباتی ئینترناسیۆنالیستی و یەکیەتی گەلان و پێشکەوتن خوازیی بەدرێژایی تەمەنی کەوتە دژایەتی لە تەک بیری نەتەوەیی کوردەوە. هاو تەریب لەگەڵ ئەوانەش دەس کرا بەشێواندنی گەورەترین ڕووداویی مێژوویی هاوچەرخی کورد.

بەناڕەوا لەگۆشە نیگای قازانج و بەرژەوەندیی ماڵی حیزبی دایکەوە، نازناوی ناسیۆناڵیسمی بەر چاو تەنگ بەسەر ژێکاف دا بڕا. بو ڕەزامەندی سەرانی حیزبی تودە لە هویەتی سەربەخۆیی کۆماری کوردستان نکۆڵی کرا و ئەم کیانە سەربەخۆیە بۆ ئاستی خودمختاری و هەندێک جاریش بۆ مۆدیلی ئەنجۆمەنی ئەیالەتی و ولایەتی سەردەمی شۆڕشی مەشروتە لە ئێران دا دابەزێندرا.

بۆ دۆزی کورد بڵاو بوونەوەی ئەم بیرە، لەهیچ ئاستێک دا هەڵگری ڕۆح و سروشتێکی ڕزگاریخوازانە نەبوو. لەبری ئەوەی هەوڵ بدرێ کورد ناسنامەی خۆیی لەکورد بووندا وەبینێ، کاری بۆ سەپاندنی زڕەناسنامەیی ئێرانی بوونی کورد کرد. لەجێگای ئەوەیی خەبات بۆ ئازادیی کوردستان و نەتەوەکەی بکات، هاوخەباتی

لەگەڵ هێزەکانی نەتەوەی سەردەستی بۆ دیمۆکراتیزەکردنی قەواری سیاسی لە ئێران کردە ستراتیژی کورد.

ئەزموون و تاقیکردنەوەی هەموو ئەو ساڵانە نیشانی دا، ئەم ڕێبازە مۆدێلێکی شکست خواردووی فیکری بوو. ڕاستیەکەی ئەوەیە قسەکردن لە هاوخەباتی کورد و فارس، قسەکردنە لەدوو دۆخی جیاوازی کولتوریی و نەتەوەیی و ئابووری و سیاسی نێوان ئەو دوو نەتەوەیە.

نەتەوەیەک کە لە مێژ ساڵە خاوەنی کیان و دەزگای دەوڵەتیی نەتەوەیی تایبەت بەخۆیەتی و نەتەوە خوازیەکیی لە خەم ڕەخساوە، چۆن دەتوانێ هاوخەباتی نەتەوەیەکی تر بۆ بەدەوڵەت بوون بێ؟.

لەوانەیە گرفتی نەتەوەی فارس نەبوونی دێمۆکراسی و نەبوونی کۆمەڵگایەکی مەدەنی بێ، کەچی گرفتی کورد لە ناوەڕۆک دا گرفتی نەتەوەیی یە. گرفتی کیان و سەروەری نەتەوەیی یە. مەسەلەیی بوون و نەبوونە.

گەلۆ لەداوێنی ئەم دوو ڕەوشە جیاوازەدا چۆن دەکرێ هاوخەباتی و هاوئامانجی نەتەوەخوازی کورد و فارسی لێبکەوێتەوە، پرسیارێکی بێ وڵامە.

لەمێژ ساڵە لەژێر کاریگەریەکانی بیری حیزبی توودەی ئێران دا، کورد خەون بەدیموکراتیزەبوونی ئێرانەوە دەبینێ، بەدرێژایی هەموو ئەو ساڵانە هێز و توانای

خۆی بەفیڕۆ دەدا، بەڵام نەیتوانیوە بەقەدرایی تۆسقاڵێک لەو ئامانجەیی نزیک ببێتەوە.

ئەوەی ئەو ڕۆ دەتوانێ جیهانی هیزر و بیری ئینسانی کورد بۆ دەربازبوون لەکۆیلەتی فیکریی و لەداگیر کراوی وڵات ڕزگار بکا، گەڕانەوەیە بۆ ئامانجی ژێکاف.

**21/10/2010**

سەرچاوەکان

کوردی:


- ئەیوب زادە، ئەیوب(2008). لەژێکافەوەبۆ کۆمار. مێژوونوسیی حیزبی لەژێر تیشکی ڕخنەدا، کتێب خانەیی هەڵوێست.
- حسامی، کریم(1991). پیداچوونەوە، بەرگی دووەم، چاپخانەیی کتێبی هەرزان، سۆێد
-
- کوردستان ئۆرگانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ژمارە302 شەممۆ 6 ی خەزەڵوەرتی 1329

- کوردستان ئۆرگانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ژمارە681 شەممۆ، 1 خەزەڵوەری 1333
- کوردستان، ئورگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ژمارە9. بانەمەریی 1330
- کوردستان، ژمارە236. 17 ڕەشەمەی ساڵ 1328

فارسی:

بۆ زانیاری زیاتر لەمەڕ مەسەلەی قووتدانی فیرقەی ئازەربایجان لەلایەن حیزبی توودەوە، خوێنەر دەتوانێ لەو تێکستانەی خوارەوە بڕوانێت:

رهبری حزب تودەایران مسلەوحدت کامل را بەمیان کشیدند، استدلال آنها این بود کەحزب تودەایران و فرقەدمکرات آذربایجان حزب طبقەکارگر هستند بنابراین سازمان طبقەکارگر در کشور کثیرالملەنمی تواند بر مبنای مشخصات ملی تقسیم شود(لاهروودی، ۱۳۸۶: ۱۲۱).

"کمیتەمرکزی حزب تودەایران نخست با تشکیل فرقەدمکرات آذربایجان مخالفت کرد. اما این مخالفت در عرض یک سال فعالیت حکومت ملی متوقف شد. ولی بعد از سرکوب نهضت دمکراتیک در آذربایجان و مهاجرت عدەای از رهبران نهضت بەآذربایجان شوروی و تجدید فعالیت فرقەدمکرات آذربایجان در مهاجرت، نارضایتی عدەای از اعضای کمیتەمرکزی حزب تودەایران را در مهاجرت برانگیخت. آنها نامەای بەاستالین نوشتند و خواستار انحلال فرقەدمکرات

آذربایجان شدند.بعد از مرگ استالین مخالفت با موجودیت فرقەدمکرات آذربایجان شکل علنی بەخود گرفت. با جلب نظر موافق رهبری حزب کمونیست اتحاد شوروی مسلەانحلال فرقەدمکرات آذربایجان زیر پوشش احیای سازمان حزب تودەدر آذربایجان بەموضوع عمدەتبدیل گردید"(لاهروودی،١٣٨٦: ٩٩٨).

- لەم بوارەدا لەبیرەوەریەکانی کیانوری و تەبەریش دا هاتووە:

- در آذربایجان تا مدتها از آذربایجان واحد صحبت می شد. در فرقەبرای یک دوران طولانی، قبل از اینکەبا حزب یکی شوند، شعارشان همین "زندەباد آذربایجان واحد" بود. این شعار دایمشان بود کەمیهمانیها و میتینگهایشان بەآن ختم می شد ولی مرکز با این جریان مخالف بود، جدا مخالف بود و بەهمین علت بەآنها فشار آوردند کەبا حزب تودەایران یکی شوندچرا؟ برای اینکەاین شعار خفەشود، و راەخفەشدن این شعار ادغام در حزب تودەبود.

- وقتی آنها در حزب ادغام شدند، مجبور شدند کەبرنامەمشترک را بپذیرند کەیکی از مواردش تمامیت ارضی ایران بود این جریان بەدستور رهبری مرکزی حزب کمونیست شوروی بود(کیانوری، ١٣٧١: ١٢٢).

- "مسلەوحدت حزب تودەایران با فرقەدمکرات ابتدا ازطرف حزب مطرح شد. حزب کمونیست اتحاد شوروی هم با آن موافق بود. رهبری فرقەدمکرات آذربایجان در آغاز جدا مخالف وحدت بود استدلال حزب این بود کەدر یک

کشور وجود بیش از یک حزب کارگـری مارکسیست-لننیستی و تقسیم پیشقراول طبقەکارگر بەدو بخش مجزا درست نیست. رهبری فرقەاز این می ترسید کەدر نتیجەوحدت با حزب در حزب تحلیل رود ... و بەهمین دلیل مخالف وحدت بود و حزب تودەرا بەداشتن تمایلات شوونیستی (عظمت طلبی ملی) فارس متهم می کرد.

- دستگاەرهبری حزب کمونیست آذربایجان شوروی هم کەتا پیش از روی کار آمدن حیدر علی اف بیشتر روی همان خط وحدت آذربایجان شمالی و جنوبی بود، از این عدم تمایل رهبری فرقەبەوحدت با حزب تودەایران حمایت می کرد ولی بالاخرەپس از رفت و آمدهای مکرر و بحث های مقدماتی، بەدلیل موضع گیری بسیار جدی حزب کمونیست اتحاد شوروی بەسود وحدت این کار فیصلەیافت و قرار شد کەدر یک پلنوم وسیع، کەهمان پلنوم هفتم است این کار انجام گیرد (کیانوری، ١٣٧١: ٣٨٦-٣٨٧).

- (در پلنوم ششم حزب توده (شهریور ١٣٢٨) کمیتەمرکزی حزب تودەتصمیم گرفت کەمذاکرەبا فرقه (کەدر زمان چشم آذر شروع شدەولی بی نتیجەماندەبود) دنبال کند. در پلنوم هفتم (وسیع)- مرداد ١٣٣٩- مقررات وحدت مورد تایید رهبری و کادرها رسید (تەبەری، ١٣٦٧: ١٩٥).

# سۆپاس و پێزانین بۆ مامۆستا حەسەنی قازی کەبەدڵ ئاواڵەییەوەکۆمەڵێک لەو دۆکۆمەنتانەی گەیاندەدەستم

کوردستان

ئورگانی حزبی دیموکراتی کوردستان

ژمارەی ۳۰۲
هەینو
۲٦ خەزەڵوەری ۱۹۴۹

لەلایەن دەستەی نووسەرانەوە دەردەچێت

## تیورسووراتی پێنجەمین وەرزی هەوەلین کونگرەی حزبی دیموکراتی کوردستان

رەشید ـ س

## سیاستی ایمپریالیستەکانی آمریکا و انگلیس دە کوردستان دا

## تووتی کوردستان..

رحمن ـ گەرمیانی

م. شەلماشی

## چلونایەتی قولەرەشەکانی آمریکا

کوردستان
ئۆرگانی حزبی دیموکراتی کوردستان
ئەلایەن دەستەی نوسەرانەوە دەردەچێت
ژمارەی ۴۳ (٦٨١)
شەممە
خەزەلوەر ۱
۱۳۳۳
۲۳ اوکتوبر
۱۹٥٤

## مراجعتنامەی تشکیلاتە دیموکراتیکەکانی ایران خطاب بەتەواوی تشکیلاتە دیموکراتیک و مترقی یەکان، اشخاص و مطبوعات

## ۹ـمین سالی هەوەلین کونگرەی حزبی دیموکراتی کوردستان

## مراجعتنامەی حزبی تودەی ایران خطاب بە حزبی کومونیستی بریتانیای مەزن

## سیاستی شەرهەلایسێنەرانی آمریکایی لە ایران و تورکیە